ڕۆڵی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لە گەشەی زمانیی منداڵدا

پ.ی.د. محمد حسین احمد[1]

[1] بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، گەرمیان، عێراق، ئیمەیڵ: mohammed.kurdish@garmian.edu.krd

نووسەری پەیوەندیکار: پ.ی.د. محمد حسین احمد*

پوختە:

قۆناغی تەمەنی (٤-٥) ساڵ بە یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی وەرگرتن و گەشەکردنی زمان دادەنرێت، کە تێیدا منداڵ لە قۆناغی وشەسازییەوە بۆ قۆناغی ڕێکخستنی یاسا ڕێزمانییە ئاڵۆزەکان دەپەڕێتەوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات تیشکبخاتەسەر ڕۆڵی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی، وەک سەرچاوەیەکی نوێی "کەرەستەی زمانی"، کە ئێستا بەرانبەر بە ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتی لە ئاڵنگاریدان.

کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لەو گرفتە زمانییانەدا خۆیدەبینێتەوە، کە منداڵی کورد بەهۆی ڕاگەیاندنە کوردی و بیانییەکان (عەرەبی و ئینگلیزی)ەوە تووشیدەبێت، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەی زمانی دایکی هەیە. توێژینەوەکە میتۆدی پەسنی بەکاردەهێنێت، لەڕێگەی دابەشکردنی ڕاپرسی بەسەر دایباباندا.

ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە هەرچەندە ڕاگەیاندن دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانیی منداڵ، بەڵام هاوکات دەبێتە هۆی دروستبوونی دیاردەی لاوازبوونی توانای دەربڕین بە زمانی دایک. لە کۆتاییدا کۆمەڵێک پێشنیازی پراکتیکی بۆ دایباباان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن خراوەتەڕوو، بە مەبەستی پاراستنی گەشەی زمانیی منداڵان و ڕێکخستنی کاتی بەرکەوتنیان بە شاشەکان.

وشە کلیلییەکان: گەشەی زمانیی منداڵ، وەرگرتنی زمانی یەکەم، گرفتی زمانی، ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی، زمانی دایک.

0) پێشەکی

(1-0 **ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**ڕۆڵی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لە گەشەی زمانیی منداڵدا**)، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لە گەشەپێدانی زمانی منداڵاندا لە سایەی پەروەردەی خێزانیدا.

(2-0 **گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە:** ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی سەرجەم بوارەکانی ژیانی هەر تاکێکی گرتووەتەوە و ئەگەر بە ئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت (بەتایبەتی لە قۆناغی منداڵیدا)، زیانی گەورەی دەبێت. ئاخاوتن و گەشەی زمانیی بەشێک لە منداڵانی کورد لەسایەی ڕاگەیاندنە بێسانسۆرەکان و بێباکیی بەشێک لە دایبابانەوە، زیانیان بەرکەوتووە. بۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵماندراوە ڕوونکردنەوە و چارەسەری پێویست بۆ ئەو گرفتە بخەینەڕوو، ئەرک و ڕۆڵی دایبابانیش لە ئاراستەکردنی منداڵ و ڕەخساندنی پەروەردەیەکی زمانیی دروست پێشچاوبخەین. ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەپێی زانیاریمان، تاکو ئێستا وەک پێویست کاری زانستیی سەربەخۆ لەسەر گەشەی زمانیی منداڵانی (٤-٥) ساڵی ئەنجامنەدراوە.

(3-0 **سنووری توێژینەوەکە:** لەڕوانگەی تەمەنەوە، منداڵانی کوردی تەمەن (٤-٥) دەگرێتەوە، سنووری مێژوویش بریتییە لە (١٥-٢-٢٠٢٦) بۆ (١٥-٣-٢٠٢٦)، کە ماوەی بڵاوکردنەوەی ڕاپرسییەکەیە. شوێنی توێژینەوەکەش ڕەچاوکراوە، چونکە ڕاپرسییەکە بڵاوکراوەی ئۆنلاین بوو.

(4-0 **میتۆد و سامپڵی توێژینەوەکە:** میتۆدی پەسنیی شیکاری لە بواری کۆزمانەوانیدا پەیڕەوکراوە. بۆ شیکردنەوەی داتاکانیش، پشت بە (شارەزایی و هەڵسەنگاندنی توێژەر) بەستراوە. بۆ وەرگرتنی بۆچوونی دایباباان، ڕاپرسییەکی (١٤) پرسیاری بە (google form) ئامادەکراوە و بەشێوەی هەرەمەکی و بە ئۆنلاین بڵاوکراوەتەوە، تێیدا ئاماژە بەوە کراوە، کە ((ئەم ڕاپرسییە تایبەتە بەو دایباباانەی، کە منداڵی (٤-٥) ساڵانیان هەیە)). (٢٣٥) دایباب وەك سامپڵی توێژینەوەکە فۆرمەکەیان پرکردووەتەوە و ڕاوبۆچوونی خۆیان دەربڕیوە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12622]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

5-0) **کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی توێژینەوەکە لە بۆتەی دوو پرسیارەدا دەخەینەڕوو:
- ئایا ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی ڕۆڵی لە گەشەپێدانی زمانی منداڵی کورددا هەیە؟
- ڕۆڵ و ئەرکی دایبابان سەبارەت بە هاوسەنگیڕاگرتن لە (بەرکەوتنی منداڵەکانیان بە ڕاگەیاندن وەربگرن) لە چ ئاستێکدایە؟

6-0) **گرینمانەی توێژینەوەکە:** گرینمانەکان لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی کێشەی توێژینەوەکە داڕێژراون:
- ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی (بەتایبەتی کەناڵە کوردییەکان) ڕۆڵیان لە گەشەپێدانی زمانی منداڵی کورددا هەیە.
- ڕۆڵ و ئەرکی دایبابان لە (بەرکەوتنی منداڵەکانیان بە ڕاگەیاندن) وەک پێویست نییە و دەبێت هاوسەنگیی لە جۆرێتی و کاتی شاشەی منداڵەکانیان ڕابگرن.

7-0) **ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا چەمک و زاراوەی (وەرگرتنی زمان، گەشەی زمانی، ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی) ڕوونکراوەتەوە، لەگەڵ باسکردنی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕاگەیاندن لەسەر گەشەی زمانیی منداڵ و ڕۆڵی دایبابان لەو نێوەندەدا. بەشی دووەم لایەنی پراکتیی توێژینەوەکەیە و بریتییە لە شیکردنەوەی ئەنجامی ڕاپرسییەکی (١٤) خاڵی، کە بەسەر پێنج وەچەپاردا دابەشکراوە، تێیدا گەشەی زمانی و فەرهەنگی وشەیی منداڵ لە سایەی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی، کاریگەریی زمانی بێگانە لەسەر زمانی منداڵان، ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەی زمانیی منداڵ، ڕۆڵی کەناڵە کوردییەکانی تایبەت بە منداڵان لە گەشەپێدانی زمانی دایکیدا ڕاڤەکراوە، ئەنجامی گرنگ بەدەستهاتوون.

لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجام و ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

١) وەرگرتنی زمان و گەشەی زمانیی منداڵ لە سەردەمی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵیدا

لە سەردەمی هاوچەرخدا، ئامێرە دیجیتاڵییەکان (مۆبایل، تەلەفزیۆن، ئامێرەکانی ژیریی دەستکرد، ...) بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژینگەی گەشەکردنی منداڵ و خێزان. ئەم پێشکەوتنە خێرایە گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە شێوازی پەیوەندیکردنی مرۆیی و وەرگرتنی زماندا دروستکردووە. ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی، تیشکدەخاتەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی، کە ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لەسەر ژینگەی خێزان و کارلێکی زمانی منداڵ دروستیانکردووە، هەر لە قۆناغی سەرەتای لەدایکبوونەوە تاوەکو تەمەنی هەرزەکاری، بەتایبەتی تەمەنی (٤-٥) ساڵی، کە سنووری توێژینەوەکەمانە. لە خوارەوە تیشکدەخەینەسەر چەمکە سەرەکییەکانی ناونیشانی توێژینەوەکە و ڕوونکردنەوەی پێویستی لەسەر دەدەین.

١-١) وەرگرتنی زمان و گەشەی زمانیی منداڵ

زمان خۆی لە خۆیدا زۆر ئاڵۆزە. سیستەمێکی دەنگی هەیە، کە ڕێگەمان پێدەدات بێشومار وشەی جیاواز بەکاربهێنین، فەرهەنگێکی وشەسازیمان هەیە، کە لای کەسێکی پێگەیشتوو لە نێوان (٥٠,٠٠٠ - ١٠٠,٠٠٠) وشە دایە، زنجیرەیەک داڕشتەی ڕێزمانی بۆ پێکەوەبەستنی ئەم وشانە کاردەکەن، بەڵام کۆرپەکان بە ئاخاوتنەوە لەدایکنابن. ئەوان وەک پێواژۆیەک فێری زمان دەبن، کە هەر لە کاتی لەدایکبوونەوە دەست پێدەکەن. لەبەرئەوەی منداڵان لە کاتی لەدایکبووندا قسەناکەن، دەبێت فێری زمان بین. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئەوان چییان لەگەڵدایە کە بۆ ئەم ئەرکە پێویستە (Clark, 2016, 1-2).

قۆناغی (سفر بۆ ٦ ساڵی) قۆناغێکی زۆر هەستیارە بۆ گەشەی دەمارەکانی مێشک، کە لە زمان بەرپرسن (Silva Junior et al., 2025, 1). منداڵان لە تەمەنی (٦-١٢) ساڵیدا هەوڵی بەکارهێنانی زمان دەدەن بۆ دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی چات و یارییە بەکۆمەڵەکانەوە. توێژینەوەکەی (Bickham) و هاوکارانی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە شێوازی نووسین و بەکارهێنانی کورتکراوەکان و زمانە جیاوازەکان لەم ژینگەیەدا، کاریگەریی لەسەر شێوازی ئاخاوتنی منداڵ لە دەرەوەی جیهانی دیجیتاڵیش دەبێت (Bickham et al., 2025, 398).

زمان و توانستی زمانی (وەك ڕێبازی بەرهەمهێنان سەلماندوویەتی) ڕاستەوخۆ بە مێشك و لایەنی بۆماوە و چالاکیی ئاوەزییەوە پەیوەستە، لە کۆزمانەوانیشدا (جگەلە ڕۆڵی ئاوەز و بۆماوە)، ژینگە و دەوروبەری کۆمەڵایەتی بە فاکتەری سەرەکیی گەشەسەندنی توانا و چالاکییە زمانییەکان هەژماردکراوە.

زۆرینەی دەروونناسەکان لەسەر ئەوە هاوڕان، کە هۆکاری جیاوازیی زمانی بۆ فاکتەری بۆماوەیی و ژینگەیی (فێربوون) دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی لەسەر ڕێژەی گرنگیی هەریەکەیان کۆك نین (باتنی، و: کەریم، 2015، 106). هەردوو فاکتەری (بۆماوە، ژینگە) گرنگیی تایبەتییان هەیە و لێکجودا و سەربەخۆ نین، بەڵکو دوو هێزی کارلێککەر و کارلێکراون، ئەم کارلێکەش گەشە و گۆڕانی تاك لە سیما و سیفەتە جەستەیی و ژیری و کۆمەڵایەتییەکاندا تەواودەکات (احمد، ٢٠٢٣، ٣٠-٣١).

هاوسەنگییە ناوەکییەکان لە زمانێکدا یارمەتیی ئاخێوەران دەدەن، کە چۆن گوێبگرن و چۆنیش پلان بۆ ئاخاوتن و گفتوگۆ دابنێن. ئەوان ڕێگە بە پێشبینیکردن لەبارەی یەکە زمانییەکان دەدەن و چوارچێوەیەکی پێشبینیکراو بۆ پێشکەشکردنی زانیارییەکان دەخەنەڕوو. بۆیە پێویستە منداڵان یاسا داڕشتە گشتییەکان لەو زمانەی وەریدەگرن فێر بین: ئایا زمانەکە(SOV)یە، یان(SVO)؟، ئایا دیارخەرەکان پاش ناو دێن، یان پێشیاندەکەون؟، ... . ئەم تایبەتمەندییانە گرنگن، چونکە کاتێک قسەکەران دەستنیشانیان دەکەن، دەتوانن پشت بە هەندێک گریمانە ببەستن لەبارەی ئەو

جۆرە زانیارییەی، کە دەکرێت دواتر لە وتەیەکدا بێت (Clark, 2016, 4).

وەرگرتنی زمان (Language Acquisition): بریتییە لە توانای مێشک بۆ جیاکردنەوەی دەنگە زمانییەکان (Phonemes) لە دەنگەکانی تر و واتاپێدانیان لە چوارچێوەی وشە و ڕستەدا (Dore et al., 2025, 33). وەرگرتنی زمان وەک پێواژۆیەکی بنەڕەتی مێشک، کە لە ساڵانی سەرەتای تەمەندا ڕووەدات، بەتەواوی وابەستەیە بە پەیوەندیی نێوان کەسەکانەوە (Interpersonal relationships). ئەم پێواژۆیە نەک تەنها وشەسازی، بەڵکو (بناغەی فێربوونی بەردەوام، توانای مەعریفی، گەشەی سۆزداری و کۆمەڵایەتی)ی منداڵ پێکدەهێنێت (Rämä-Ory, 2022, 2).

لە ساڵانی (١٩٦٠) لەژێر کاریگەریی چۆمسکیدا، توێژەران ئارەزووی خۆیان بۆ چۆنیەتی وەرگرتنی زمان لای منداڵان نوێکردەوە. چۆمسکی خۆی ئاماژەی بەوە دەکرد کە دەبێت منداڵان پشت بە هەندێک پێکهاتەی زگماکی و میکانیزمی تایبەت بە زمان ببەستن، چونکە مەحاڵە تەنها لە ڕێگەی ئاخاوتنی گەورەکانەوە فێری زمان ببن (Clark, 2016, 18).

کێشەی زۆرێک لە مشتومڕی زانایانی بواره جیاوازەکان لەسەر چۆنیەتیی گەشەی زمانیی منداڵ لە نەبوونی دۆزینەوە گرینگانە ئەزموونییەکاندا خۆیدەبینێتەوە. زۆرجار پێشەکییەکان وەک ڕاستی سەیرکراون و مشتومڕەکان لەوێوە دەستیانپێکردووە. بە شێوەیەکی نموونەیی، پرسیارەکانی گرینگانەکراوەکان دەبێت وەڵام لە دۆزینەوە ڕاستەقینەکانی وەرگرتنەوە بەدەستبهێنن. ئەم مشتومڕانە زیاتر لەنێوان چەمکەکانی (سروشتی بەرانبەر پەروەردە) (nature versus nurture)، (زگماکی بەرانبەر فێربوون)، لەم دواییانەشدا، (تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر مەعریفییەکانی زمان) وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیگرتن، یان سیستەمێک بۆ نواندنی زانیاری ئاراستەکراون (Clark, 2016, 18).

١-٢) ژینگەی گەشەی زمانیی منداڵ

لەم سەردەمەدا ژینگەی کۆمەڵایەتیی فێربوون و فێرکردنی زمان لەژێر کاریگەریی دوو لایەندایە:

1. خێزان و دەوروبەر
2. تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و ژیریی دەستکرد

دایباب و ئەندامانی خێزان بەتایبەتی، دەوروبەر بەگشتی ڕۆڵی سەرەکیی لە ڕەوتی گەشەی زمانیی هەر منداڵێکدا دەبینن، هاوکات چۆنیەتیی مامەڵەی دایبابان کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان لەسەر لایەنی دووەمیش (تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی) هەیە. تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی (Digital Technology) ئامراز و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی وەک: (مۆبایلە زیرەکەکان، ئینتەرنێت و یارییە ڤیدیۆییەکان) دەگرێتەوە، کە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژینگەی گەشەکردنی منداڵانی ئەم نەوەیە (Adeyemi, 2025, 2).

پێش ئەوەی بچینە ناو ناوەڕۆکی باسەکەوە، بە پێویستی دەزانین چەمکی هەریەک لە زاراوەی (گەشەی زمانی) و (ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی، کە بەشێکە لە تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی و کرۆکی باسەکەمانە) ڕوونبکەینەوە، چونکە دوو جۆر ڕاگەیاندن هەیە (Dore et al., 2025, 31) (Silva Junior et al., 2025, 1): (١) ڕاگەیاندنی کارلێککەر (Interactive Media)، ئەمەش بەو ئامرازانە پێناسەدەکرێت، کە ڕێگە بە منداڵ دەدەن کارلێک لەگەڵ ناوەڕۆکە پەخشکراوەکەدا بکەن (وەک شاشەی دەستلێدان-لمس)، کە ئەمە جیاندەکاتەوە لە جۆری دووەم. (٢) ڕاگەیاندنی ناچالاک (Passive) وەک تەلەفزیۆن و ئامرازەکانی تر، کە منداڵان تەنها بینەر و بیسەری دەبن و کارلێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵدا ناکەن. لە توێژینەوەیەکدا زاراوەی (بەرکەوتنی دیجیتاڵی (Digital Exposure) بەکارهاتووە، کە بە بەسەربردنی کات لەگەڵ شاشەکان و بەکارهێنانی ئامێرە زیرەکەکان (Screen time and gadget use)پێناسە کراوە، کە هەمیشە لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵاندا ئامادەییان هەیە. توێژینەوەکە زیاتر جەخت لەسەر چەمکی (بەرکەوتنی دیجیتاڵی بەبێ کارلێک) دەکاتەوە، کە بریتییە لە مانەوەی منداڵ لەبەردەم شاشەکاندا، بەبێ ئەوەی هیچ گفتوگۆیەک یان کارلێکێکی زارەکی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا هەبێت (Ananda, Marsofiyati and Utari, 2025, 805). یەکێکی تر لە زاراوە باوەکانی لێکۆڵینەوە بریتییە لە "بەرکەوتنی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی" (Digital Media Exposure)، کە دەتوانرێت بۆ باشترکردنی فێربوون، سوودی هەبێت، یان بە پێچەوانەوە ببێتە ڕێگر، ئەگەر بە هاوسەنگی بەکارنەهێنرێت (Patel, McQueen and Gold246 , 2025,).

گەشەی زمانی (Language Development) "وەک پێواژۆ" بریتییە لە پێواژۆی وەرگرتنی توانای تێگەیشتن (Receptive Language) و بەکارهێنانی وشە و ڕستەکان بۆ گوزارشتکردن (Expressive Language)، کە لە ڕێگەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەوە لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا گەشەدەکات. یاخود پێواژۆیەکی فرەڕەهەندە، کە تێیدا منداڵ لە دۆخی "بیستنی بێدەنگ"ەوە بۆ دۆخی "تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی هێماکان" دەگۆڕێت، پاشانیش بۆ پەیوەندیگرتن (Dore et al., 2025, 32). گەشەی زمانی وەک پێواژۆیەکی گرنگ و بنەڕەتە، کە لەدایکبوونەوە تا(٦) ساڵی دەخایەنێت، کە بریتییە لە بەدەستهێنانی تواناکانی پەیوەندیکردن، کە پشت بە ژینگەی دەوروبەر دەبەستێت. هەر گۆڕانکارییەک لەم قۆناغەدا دەبێتە هۆی کاریگەری درێژخایەن لەسەر توانای دەربڕین و تێگەیشتنی منداڵ (Silva Junior et al., 2025, 1). هەندێکی تر (گەشەی زمانی)یان وەک "توانای منداڵ بۆ وەرگرتن و بەدەستهێنانی زمان و پەیوەندیگرتن بە شێوەیەکی کاریگەر پێناسەکردووە (Veronica and Gupita, 2020, 2) (Ananda, Marsofiyati and Utari, 2025, 806).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12622]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

گەشـــەی زمـانی لەڕووی (کۆمەڵایەتی-دەروونییەوە) ئەو پێواژۆ مەعریفی و کۆمەڵایەتییەیە، کە تێیـدا منـداڵ توانـای وەرگرتن (تێگەیشتن) و دەربڕین (گوزارشتکردن) لەڕێگەی وشە و ڕستەوە بەدەســتدەهێنێت، ئەمەش بەتەواوی پشـت بە کارلێکی بەردەوامی کەسانی دەوروبەر دەبەستێت (Dore et al., 2025, 33).

لە ڕوانگەی (دەمارناسـی)یەوە، مرۆڤەکان خاوەنی مێشـکێکن، کە وابەســتەی دەروازەی کـۆمەڵایەتـییە و بـۆ وەرگـرتـنـی زانیاریئامادەکراوە. تۆڕێنەوە نوێیەکـان ئـامـاژە بەوە دەکەن کە نۆرەگرتنی ئاخاوتن و ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان دایباب و منداڵ ڕۆڵێکی ســەرەکییان لە بونیادنانی پێکهاتە و پەیوەندییە دەمـاریـیەکـانی مێشــکی منـداڵانی تەمەن (٤-٦) ســاڵاندا هەیە. پێشــکەوتنەکانی زانســتی دەمارەکان گرنگیی زیاتری کارلێکە کۆمەڵایەتییەکـان بۆ فێربوونی قۆنـاغی ســەرەتـایی دەســەلمێنن. (Hirsh-Pasek et al, 2025: 388).

لەڕووی قـۆنـاغـی گەشــەکـردنەوە (Developmental Continuum)، گەشــەی زمانی پرۆســەیەکی بەردەوامە کە لە تێگەیشتنی سادەی وشـەکان لە سـەرەتای تەمەنەوە دەستپێدەکات و وردەورده پێشـدەکەوێت بۆ قۆناغی ئاڵۆزتری وەک دروسـتکردنی ڕســتەی درێژ، تێگەیشــتن لە ڕێزمـان، و توانـای بەســتنەوەی ڕووداوەکـان بۆ گێڕانەوە لە تەمەنی نـاوەڕاســتی منـداڵیـدا (Bickham et al., 2025, 396).

پەیوەندیگرتنی دووڵایەنە (Conversational Turn-taking)یش بریتییە لەو ئـاڵوگۆڕە زمـانییەی، کە لە نێوان منـداڵ و کەســێکی گەورەدا ڕووەدات و دەبێتە هۆی گەشـەی مێشـک (McDaniel et al., 2025, 412). گەشــەی گـێـڕانەوە (Narrative Development) ئـامـاژەیە بـۆ تـوانـای زمـانـیـی مـنـداڵ بـۆ پێکەوەبەستنەوەی ڕووداوەکان و دروستکردنی واتایەکی گشـتگیر لەڕێگەی چیرۆکەوە (Bickham et al., 2025, 396). توانـای گێڕانەوە (Narrative Skills) بەشــێکە لە گەشــەی زمـانی و ئاماژەیە بۆ توانای منداڵ لە ڕێکخسـتنی ڕووداوەکان بە شـێوەیەکی لۆجیکی و گێڕانەوەی چیرۆک، ئەمەش لە ڕێگەی خوێنـدنەوەی کتێبی ئەلیکترۆنی و کـاغەزییەوە گەشــە دەکـات (Dore et al., 2025, 34).

ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی (Digital Media) وەک چەمکێکی گشــتی ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو ناوەڕۆک و ئامێرانەی، کە لەســەر بنەمای کۆدی دیجیتـاڵی کـاردەکەن، وەک تەلەفزیۆنی دیجیتـاڵی، یـارییە ڤیدیۆییەکان، مۆبایلە زیرەکەکان، ئینتەرنێت، ... (Christakis & Veronica and Gupita, 2020, 2) (Hale, 2025, 3).

لەڕووی فەرهەنگی و تەکنیـکیشــەوە ئـامـاژەیە بۆ فۆرمـاتە دیجیتاڵییەکانی ناوەڕۆکێک، کە لەڕێگەی ئامێرە کۆمپیوتەرییەکانەوە دەگوازرێنەوە، کە توانای پاشەکەوتکردن، گواستنەوە، و کارلێکیان هەیەو لەســەر بنەمای کۆدی دیجیتاڵی کاردەکەن (Christakis & Hale, 2025, 3).

وەکو ژینگەیەکی فێربوون، ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی تەنها ئامێر نییە، بەڵکو ژینگەیەکی نێوەندگیرییە، کە منداڵان تێیدا گەشــەدەکەن و فێری زانیـاری و بەهـا کۆمەڵایەتییەکـان دەبن (Christakis & Hale, 2025, 5).

ڕاگەیـاندنی ســێبەر یـان بـاگراونـد (Ambient/Background Media):بەو ڕاگەیاندنە دەوترێت، کە بە شــێوەیەکی بەردەوام لە دەوروبەری منـداڵاندایە (وەک تەلەفزیۆن و ڕادیۆ)، بەبێ ئەوەی ئامانجی منداڵەکە بێت، بەڵام کار دەکاتە ســەر پرۆســەی فێربوون (Dore et al., 2025, 36).

لە ڕوانگەی ئـامرازەکـانی پەیوەنـدیکردن (Communication Tool)ـەوە، لە چوارچێوەی ژینگەی خێزانیدا، ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی ئەو ئامرازانەن کە جێگەی ڕاگەیاندنە نەریتییەکانیان گرتووەتەوە و دەبنە هۆی دروستکردنی شـێوازێکی نوێی پەیوەندی و گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان تاکەکاندا (Bickham et al., 2025, 395).

هەندێک لە توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە کاتێک منداڵ بە شـێوەیەکی ناچالاک (Passive) سـەیری شـاشـە دەکات، بەبێ هیچ بەشـدارییەک، کاریگەری نەرێنی لەسـەر فێربوونی زمان و توانای ســەرنجدان دەبێت. بە پێچەوانەوە بەکارهێنانی چالاکانە (وەک ئەپڵیکەیشـنە فێرکارییە کارلێککارەکان، کە وەڵامدانەوەیان تێدایە)، دەکرێـت ســوودی هەبێـت، ئەگەر لە ژێر چـاودێریـدا بێـت (Adeyemi, 2025, 3).

١-٣) کاریگەریی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لەســەر گەشــەی زمانیی منداڵ

هاوســەنگکردنی ژیانی ئۆنلاین و ئۆفلاین پێویســتە، پەیوەندییە ئۆنلاینەکـان نـابێـت ببنە جێگرەوەی پەیوەنـدییە ڕووبەڕووەکـان، بەڵکو دەبێت تەواکەری یەکتر بن بۆ گەشــەیەکی تەندروســت (Charmaraman et al., 2025, 228).

(Rebecca A. Dore) و هاوکارانی لەو باوەڕەدان، کە گەشــەی زمانیی منداڵ لەڕێگەی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵییەوە، بەندە بە سێ هۆکارەوە:

- تەمەن: پێش ٢ ســاڵ مێشـک ئامادە نییە بۆ وەرگرتنی زمان لە ڕاگەیاندن و شاشەکانەوە.
- ناوەڕۆک: دەبێت ســادە بێت و پەیوەندیی بە ژیانی ڕۆژانەوە هەبێت.
- **ڕۆڵی دایباب:** هۆکـاری ســەرەکیی ڕەخســاندنی زەمینەی فێربوونی زمانە بۆ منداڵان، بە مەرجێک چۆنیەتی و چەندێتی و جۆرێتیی بەرکەوتن بە ڕاگەیاندن و شاشەکان ڕەچاوبکرێت (Dore et al., 2025, 38).

ســەبارەت بە توێژینەوە کوردییەکانی تایبەت بە ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیا لەســەر زمانی منداڵ، پاش گەڕانێکی ورد، تەنهـا چەنـد توێژینەوەیەکی زانســتی دۆزرایەوە، کە بە (داتـا و ڕاپرسی) کاری لەسەر ڕۆڵ و کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر زمانی

منداڵ کردبێت، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بە کەمی ئاماژە بە توێژینەوە کوردییەکان کراوە. ئەوانیش: (١) (دەشـــتی عەلی ڕەشـــید و ئاریا یاسین عەبدوڵا، ٢٠٢٢) بە ناونیشانی (ڕۆڵی یوتیوب لە فێربوون و گەشـــەی زمانی دووەم لای منداڵ)، (٢) (ئاریا یاســـین عەبدوڵا و یادگار عەلی محەمەد، ٢٠٢٢)، بە ناونیشـــانی (کاریگەریی فیلم-کارتون لەســـەر گەشـــەی زمان لای منداڵ). توێژینەوەی یەکەم تا ڕادەیەک لە سنوری باسەکەمانەوە دووڕە، بەو پێیەی ڕۆڵی یوتیوب گەشەپێدانی زمانی دووەمی منداڵانی خستووەتەڕوو. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین ئەنجامەکانی ئەوە بووە، کە یوتیوب ڕۆڵی لە فراوانکردنی فەرهەنگی زمانی (واتە: زمانی دووەم)ی منداڵدا هەیە، چونکە زۆرینەی منداڵانی سامپڵی توێژینەوەکە بینەری ڤیدیۆ ئینگلیزییەکانن. توێژینەوەی دووەم تا ڕادەیەکی زۆر لە چوارچێوەی کارەکەمانەوە نزیکە، بە شـــێوەی ڕاپرســـی، داتاکان لە دایبابی منـــداڵانی تەمەن (٢-٦) ســـاڵ وەرگیـــراوە. لە گرنـــگتـــرین دەرئەنجـــامەکـــانی توێژینەوەکەش: (ا) زمـــانی زۆرینەی فلیم-کارتونەکان کوردیین. (ب) فلیم-کارتونەکان کاریگەریی ئەرێنییان لەســـەر وەرگرتنی وشـــە و ڕستەی دروست هەبووە. هاوکات (پ) کاریگەریشـــی لەســـەر پاراوی ئاخاوتن و درکاندنی دەنگەکان هەبووە.

پشـــتبەســـت بە نوێترین دەرئەنجامی توێژینەوە زانســـتییەکان، لە خوارەوە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لەسەر گەشەی زمانیی منداڵ دەخەینەڕوو:

١-٣-١) کاریگەرییە ئەرێنییەکان:

1. بەپێـــی تـــوێـــژیـــنـــەوەکـــی (Charmaraman et al., 2025) ڕاگەیـــانـــدنی دیجیتـــاڵی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ســـەرمایەی کۆمەڵایەتی (Social Capital) ، ئەگەر بۆ پەیوەنـــدییەکی ڕاســـتەقینە بەکاربهێنرێت. بۆ گەشـــەی زمانی، ئەمە بەواتای ئەوە دێت کە کارلێکی دیجیتاڵی دەتوانێت وەک سەکۆیەک بێت بۆ پراکتیزەکردنی زمان لەگەڵ هاوتەمەنەکان.
2. بەپێی هەمان توێژینەوەی پێشـــوو (Charmaraman et al., 2025, 224)، ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی دەرفەت بۆ ئەو گەنجانە دەڕەخسـێنێت، کە لە ژیانی ڕاســتەقینەدا گۆشـەگیرن، تاوەکو لەڕێگەی گرووپە ئۆنلاینەکانەوە هەســت بە "پەیوەســتبوون" بکەن. ئەم پەیوەستبوونە کاردەکاتە سەر متمانەبەخۆبوون، کە ڕەگەزێکی گرنگە بۆ ئەوەی منـداڵ، یـان گەنج بە بوێرییەوە زمان بەکاربهێنێت.
3. منداڵانی ســـەروو تەمەن ٢ ســـاڵ دەتوانن وشـــەی نوێ لەو بەرنامانە فێربن، کە بە مەبەستی فێربوون دروستکراون، بەو مەرجەی ناوەڕۆکەکە ئاستی تێگەیشتنی منداڵەکە ڕەچاوبکات و چیرۆکێکی یەکگرتووی هەبێت. بەرنـامەکـان کـاتێـک کـاریگەرن، کە وەک چیرۆکێکی واتابەخش داڕێژرابن، نەک تەنها وێنەی پچڕ پچڕ (Dore et al., 2025, 31).
4. ڤیدیۆچات جیاوازە لە ڤیدیۆی تۆمارکراو؛ چونکە لە ڤیدیۆ چاتدا کەســـی بەرامبەر وەڵامی منداڵەکە دەداتەوە، ئاماژە نـازمـانییەکـانی وەک دەســـت و دەموچاو بەکاردەهێنێت، بۆیە منداڵان باشتر فێری زمان دەبن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە "وەڵامدانەوەی ڕاســتەوخۆ و "ســەرنجی هاوبەش ڕەگەزێکی بنەڕەتین بۆ گەشەی زمانی (Dore et al., 2025, 33).
5. ئەو منـداڵ و گەنجـانەی، کە خـاوەنپێـداویســـتی تـایبەتن یـان کەمینەن، ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی دەبێتە دەرفەتێک بۆ دۆزینەوەی هاوشـــێوەکانیان، ئەمەش یارمەتیدەرە لە پەرەپێدانی شـــێوازە جیاوازەکانی گوزارشـــتکردن و زمان (Charmaraman et al., 2025, 226).

١-٣-٢) کاریگەرییە نەرێنییەکان

1. توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە بەکارهێنانی ناچالاکانە، وەک تەنها ســـەیرکردنی پۆســـتەکان بەبێ کارلێک، دەبێتە هۆی هەســـتکردن بە پەراوێزخســـتن، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەشـــەی کۆمەڵایەتی و زمانی، چونکە هیچ ئاڵوگۆڕێکی وشـــە و بیرۆکە ڕونادات (Charmaraman et al., 2025, 225) (Veronica and Gupita, 2020, 2-3).
2. پەیوەست بە خاڵی ســەرەوە، منداڵ تەنها بە بیستن فێری زمان نابێت، بەڵکو پێویســـتی بە گفتوگۆ و نەریتەکانی هەیە، بەپێی تـوێـژیـنـەوەکـەی (Ambrose, VanDam and Moeller, 2014) ئەو پێوانەیە لەکاتی ئامادەبوونی شـــاشـــەکـاندا ڕوونادات، یان زۆر کەمدەبێتەوە.
3. ڕاگەیـانـدنی خێرا و پڕ لە جوڵە دەبێتە هۆی مـانـدووبوونی منداڵ و کەمبوونەوەی توانای منداڵ بۆ وەرگرتنی زانیارییە زمانییە نوێیەکان (Dore et al., 2025, 37).
4. کاتێـک منداڵ ئـامێرەکـان بەکـاردەهێنێت و "هیچ کـارلێکێکی زارەکی پێویســـت" لەلایەن خێزانەکەیەوە یاوەریی ناکات. ئەم نەبوونی گفتوگۆیە دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە توانـای وەرگرتنی زمان بە شـــێوەیەکی کاریگەر (Veronica and Ananda, Marsofiyati and Utari, 2025, 807) (Gupita, 2020, 3). هـاوکـات ئەم دابڕانە کۆمەڵایەتییە ڕاســـتەوخۆ دەبێتە هۆی دواکەوتنی فراوانبوونی فەرهەنگی وشـــەکانی منداڵ و لاوازبوونی توانای تێگەیشـــتن لە ســـۆزی کەسانی تر (Adeyemi, 2025, 4).
5. توێژینەوەیەکی تر پێیوایە ئەو منداڵانەی لە ژیانی ڕاســتەقینەدا بەتەنها لەگەڵ ئامێرەکاندا بەجێدەهێڵرێن، تووشـــی دواکەوتنی ئـاخـاوتـن بـوون (Ananda, Marsofiyati and Utari, 2025, 809). توێژینەوەیەکی تریش دووپـاتیـدەکـاتەوە، کە بەکارهێنانی بێســـنوور و بێچاودێری شـــاشـــە کارلێککارەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە نیشـانەکانی دواکەوتنی زمان لە منداڵانی خوار شەش ساڵدا (Silva Junior et al., 2025).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12622]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

6. سەرەڕای ئەوەی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی وشە و دەربڕینی زۆر لە زاری کەسایەتییەکانی ناو شاشەکەوە بە گوێی منداڵدا دەدەن، بەڵام مێشکی منداڵی ساواو ناتوانێت ئەم تێکردە زمانییە ئەلیکترۆنییانە (Electronic linguistic input) بۆ توانای قسەکردنی ڕاستەقینە بگۆڕێت، چونکە تایبەتمەندیی کارلێکی کۆمەڵایەتی و سۆزداری تێدا نییە (Ambrose, VanDam and Moeller, 2014, 145).

١-٤) ڕۆڵی دایباب و خێزان لە گەشەی زمانیی منداڵاندا

لەم وەچەپارەدا تەنها جەخت لە ڕۆڵی دایباب و خێزان دەکەینەوە، لە بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی زمانی منداڵدا، پەیوەست بە دروستبەکارهێنانی شاشە و ئامرازە دیجیتاڵییەکان، کە چوارچێوە و سنووری تۆڕێنەوەکەمانە. ژینگەی خێزان (Family Environment) ئەو ژینگە دەروونی و کۆمەڵایەتییەیە، کە دایباب لە منداڵەوە بۆ منداڵ دەیڕەخسێنن. ئەم ژینگەیە پەیوەستە بە هەڵوێستی دایباب، ئاستی هۆشیارییان، ئەو متمانە و مۆراڵەی، کە بە منداڵەکانیانی دەدەن. ژینگەیەکی خێزانیی دروست، بناغەی دروستبوونی متمانەبەخۆبوونی منداڵە (Alam, Ashikullah and Rahman, 2018, 36).

پشتبەست بە ئەنجامی کۆمەڵێک تۆێژینەوەی زانستی، لە خوارەوە ڕۆڵ و ئەرک و کاریگەریی (ئەرێنی، نەرێنی)ی دایباب و خێزان لەسەر گەشەی زمانیی منداڵ دەخەینەڕوو:

1. لە تەمەنی قوتابخانەدا، شاشە تەنها ئامرازێکی بینین نییە، بەڵکو دەبێتە ناوەندێک بۆ گۆڕینەوەی بیرۆکە. دایباب دەتوانن لەڕێگەی گفتوگۆکردن لەبارەی ئەو بەرنامە، یان یارییانەی منداڵەکەیان ئەنجامیدەدات، یارمەتی پەرەپێدانی توانای ڕەخنەیی و دەربڕینی زمانی بدەن. ئەم جۆرە هاوسەنگییە ڕێگرە لەوەی شاشە ببێتە هۆکارێک بۆ گۆشەگیری و بێدەنگیی منداڵ (Bickham et al., 2025, 395).
2. یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی ئەوەیە، کە زۆرجار جێگەی چالاکییە زمانییە نەریتییەکان دەگرێتەوە، وەک: خوێندنەوەی چیرۆک، گفتوگۆی خێزانی لە کاتی نانخواردندا. کەمبوونەوەی ئەم کارلێکە خێزانییە ڕاستەوخۆیە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ وشەی کەمتر فێربێت و توانای گێڕانەوەی ڕووداوەکانی لاواز ببێت (Bickham et al., 2025, 396) تۆێژینەوەکەی (Veronica and Gupita, 2020)یش هەمان دەرئەنجامی پشتڕاستکردووەتەوە.
3. بەکارهێنانی شاشە لەلایەن دایباب خۆشیانەوە کاریگەریی نەرێنی هەیە، کاتێک سەرقاڵی مۆبایلەکانیانن، منداڵەکە دەرفەتی فێربوونی زمان لەڕێگەی گوێگرتن و گفتوگۆوە لەدەستدەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کەڵێنی زمانیی نێوان نەوەکان (Bickham et al., 2025, 400).
4. بەکارهێنانی موبایل لەلایەن دایبابەوە وا دەکات "جۆرێتی و بڕ"ی ئەو زمانەی ئاراستەی منداڵەکە دەکرێت کەمببێتەوە. قسەکان دەبنە فەرمانی کورت، وەک: (دانیشە، مەکە، ...)، لەبری ئەوەی گفتوگۆی دەوڵەمەند بن، کە یارمەتی گەشەی مێشکی منداڵ بدەن. ئەمە دەرئەنجامی دوو تۆێژینەوەی زانستییە، کە لایەن تۆێژەران: (Dore et al., 2025, 35) و (McDaniel et al., 2025, 417) ئەنجامدراون.
5. تەلەفزیۆنی هەمیشە داگیرساو لە ماڵدا، نەک تەنها ژینگەی زمانی دەشێوێنێت، بەڵکو توانای "سەرنجی منداڵەکە" (Attention) لاوازدەکات، چونکە منداڵ (بەتایبەتی لە قۆناغی سەرەتادا) ناتوانێت دەنگی دایبابی لە دەنگی تەلەفزیۆنەکە جیابکاتەوە، ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم جیاکردنەوەی فۆنیم و دەنگە زمانییەکان (Dore et al., 2025, 36).
6. (Brandon T. McDaniel) و هاوکارانی تۆێژینەوەیان لەسەر چەمکی (Technoference) ئەنجامداوە، کە بریتییە لە پچڕانی کارلێکی نێوان مرۆڤەکان بەهۆی ئامێرە دیجیتاڵییەکانەوە. ئەم زاراوەیە ئاماژەیە بۆ ئەو کاتانەی، کە ئامێرەکان دەبنە هۆی وەستان و پچڕانی گفتوگۆ و کارلێکی نێوان دایباب و منداڵ. تۆێژینەوەکە دەریخستووە، کە تەنانەت پچڕانی کورتخایەنیش کاریگەریی نەرێنی لەسەر جۆرێتیی پەیوەندییەکە دەبێت (McDaniel et al., 2025, 411). یەکێک لە گرنگترین دەرەنجامە زانستییەکانی تۆێژینەوەکەی (Ambrose, VanDam and Moeller, 2014)، ئەوەبوو کە بەرکەوتنی زۆری منداڵ بە دەنگی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی لە ماڵەوە، کاریگەرییەکی نەرێنیی دوولایەنەی هەیە، واتە شاشەکان نەک تەنها منداڵەکە بێدەنگدەکەن، بەڵکو دایبابیش بێدەنگدەکەن.
7. بەپێی هەمان تۆێژینەوەی پێشوو (McDaniel et al., 2025, 412) کاتێک دایباب سەرقاڵی شاشەکانن، توانای وەڵامدانەوەی خێرایان بۆ نیشانە زمانی و جەستەییەکانی منداڵەکەیان کەمدەبێتەوە. دواکەوتنی وەڵامدانەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە منداڵەکە هەست بە پشتگوێخستن بکات و گەشەی زمانیی خاوببێتەوە. ئەمە جگە لە کەمبوونەوەی ئاماژە نازمانییەکانی وەک: سەرنجی چاو (Eye Contact) و ئاماژەکان، کە لە ڕێگەیەوە واتا بەو دەنگانە دەبەخشرێت، کە دەیبیسترێت. بەبێ ئەم پاڵپشتە سۆزدارییە، گەشەی زمانی منداڵەکە خاودەبێتەوە (McDaniel et al., 2025, 419).
8. یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکانی تۆێژینەوەکەی (McDaniel) و هاوکارانی ئەوە بوو، کە پەیوەندییەکیان لە نێوان تەکنۆفیرێنسی بەردەوام و زیادبوونی کێشە ڕەفتارییەکانی منداڵ (وەک تووڕەیی و بێزاری) دۆزییەوە، چونکە کاتێک منداڵ ناتوانێت لەڕێگەی زمانەوە سەرنجی دایبابی ڕابکێشێت،

پەنا بۆ ڕەفتاری نەرێنی دەبات، ئەمەش ژینگەی فێربوونی زمان ئاڵۆزتر دەکات (McDaniel et al., 2025, 414).


9. پەیوەندییە کەسییەکان لەگەڵ ئەندامانی خێزاندا هۆکاری سەرەکین بۆ وەرگرتنی زمان. مێشکی منداڵ لە سااڵنی سەرەتاییدا پێویستی بە ژینگەیەکی دەوڵەمەند بە گفتوگۆ هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت تواناکانی زمان و مەعریفە بەباشی گەشەپێبدات (Rämä-Ory, 2022, 2).
10. توێژەران بۆیان دەرکەوتووە، کە ئەو منداڵانەی لە ماڵەوە هاندانی زارەکی و گفتوگۆی بەردەوامیان لەگەڵدا دەکرێت، گەشەی زمانییان بەهێزترە، تەنانەت ئەگەر بەرکەوتنی دیجیتاڵیشیان هەبێت. واتە قسەکردنی خێزان دەبێتە قەڵغانێک دژی زیانی شاشەکان (Ananda, Marsofiyati and Utari, 2025, 807).
11. توێژینەوەکەی (Adeyemi) ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە مانەوەی منداڵ بە تەنیا لەگەڵ ئامێرەکان زیانبەخشە. هاوکات پێشنیازدەکات، کە خێزانەکان شێوازی "سەیرکردنی هاوبەش (Co-viewing) "پەیڕەوبکەن؛ واتە دایباب لەگەڵ منداڵەکەیدا سەیری شاشە بکەن و لەسەر ناوەڕۆکەکە "گفتوگۆ" بکەن بۆ ئەوەی لە پرۆسەی فێربوونی زمان دانەبڕێت (Adeyemi, 2025, 7). توێژینەوەکەی (Silva Junior et al., 2025)یش گەیشتووە بە هەمان ئەنجام و ئەو مەترسییە پشتڕاستدەکاتەوە. توێژینەوەکەی (Patel, McQueen and Gold, 2025)یش ئەنجامی هاوشێوەی خستووەتەڕوو، بە جۆرێک کەمبوونەوەی گفتوگۆی نێوان دایباب و منداڵ، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای سەرنجدان (Attention spans) و دواکەوتنی پرۆسەی وەرگرتنی زمان.
12. هەر سەبارەت بە چاودێریی دایباب، نابێت تەکنەلۆژیا بەتەواوی قەدەغە بکرێت، بەڵکو دەبێت وەک "ئامرازێک" لە ژێر چاودێریدا بۆ باشترکردنی ئەزموونەکانی فێربوونی زمان بەکاربهێنرێت. واتە دەبێت دایباب کارلێکی لەگەڵدا بکەن، بۆ ئەوەی پرۆسەی وەرگرتنی زمانەکە بەڕاستی ڕووبدات (Patel, McQueen and Gold, 2025, 255).
13. یەکێک لە دەرەنجامە زۆر گرنگەکانی توێژینەوەکەی (Alam, Ashikullah and Rahman, 2018) ئەوە بوو، کە دایباب گەورەترین کاریگەرییان لەسەر ئاستی بەدەستهێنانی زمان لای منداڵ هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی "پاڵپشتیکردنی فێربوون لە ماڵەوە" نەک تەنها پشتبەستن بە قوتابخانە. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کاتێک شاشەکان کاتی ماڵەوە داگیردەکەن، گرنگترین سەرچاوەی فێربوونی زمان لەناودەبەن، کە هاندانی زارەکی و سۆزداریی دایبابە بۆ منداڵەکانیان.

2) گەشەی زمانیی منداڵ لەسایەی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵیدا (لایەنی کارەکی)

ئێستا ژیریی دەستکرد و ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی باڵی بەسەر سەرجەم کایەکانی ژیانی مرۆڤدا کێشاوە، ئەمە ڕۆڵ و ئەرکی دایباب و خێزان و مامۆستای لە پەروەردەکردنی منداڵدا زیاتر قورسکردووە، بەڵام سنووری توێژینەوەکەی ئێمە تەنها بۆ (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لە گەشەپێدانی زمانی منداڵانی (٤-٥) ساڵیدا) تەرخانکراوە، زانیاری و داتاکانیش لە دایبابانەوە وەرگیراوە، لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی ئۆنلاین. ڕاپرسییەکە لە (٥) بەشی سەرەکی پێکهاتووە.

1-2) زانیاریی گشتی و شێوازی بەرکەوتن بە ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی[1]

ئەم وەچەپارە بۆ بۆ وەرگرتنی زانیاریی لەسەر: (چەندێتی، چیەتی، زمان)ـی ئەو ڕاگەیاندنانەیە، کە بۆ منداڵ پەخشدەکرێت، پرسیار و وەڵامەکانی ڕاپرسییەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە بوون:



ئامانجمان لە داڕشتنی پرسیاری ژمارە (١)دا ئەوەبوو، کە لە بزانین کاتبەسەربردنی منداڵان لەگەڵ شاشەکاندا لە چ ئاستێکدایە، وەک لە وەڵامەکاندا دیارە، زۆرینەی منداڵان (٤٨.١%) بۆ ماوەی (١-٣) کاتژمێر لە بەردەم شاشەکاندا دەمێننەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە ڕێژەی (٣٠.٦%)ی منداڵان (٤) کاتژمێر و زیاتر بەکەوتەی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵین، ئەمەش پێچەوانەی (ڕێنماییەکانی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ پزیشکانی منداڵان- AAP)ـــە، کە ساڵی (٢٠١٦) بڵاوکردەوە، چەند مەرجێکی زۆر توندی بۆ منداڵانی (٢-٥) ساڵ

[1]- دوو ڕوونکردنەوەی گرنگ:
ا) بۆ بینینی سەرجەم زانیاری و داتاکانی تایبەت بە فۆرمی ڕاپرسییەکە، کلیک لەسەر ئەم بەستەرەی خوارەوە بکە:
https://docs.google.com/forms/d/e/1FAIpQLSdgJ_h_ZfcZES9Viq7MqYc7tq1mDFp28uWwqKWle58LaQhzEA/viewform?usp=header
ب) لە کۆتایی هەر خاڵ/پرسیارێکدا چارتی ڕوونکردنەوەی ڕێژەی پەسەندکردنی هەر بژاردەیەک لە لایەن بەشداربووانەوە دانراوە، بۆیە بە پێویست نەزانراوە بۆ هەریەک لە چارتەکان ناونیشان و ژمارەی چارت بنووسرێت.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12622]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

داناوە، گرنگترینیان دیاریکردنی کاتە: ((دەبێت بەکارهێنانی شاشە تەنها بۆ یەک کاتژمێر لە ڕۆژێکدا سنووردار بکرێت)) (American Academy of Pediatrics, 2016, 2). لەم ڕوانگەیەوە تەنها ڕێژەی (٢١.٣%)ی منداڵانی ڕاپرسییەکەمان ماوەو کاتی گونجاویان بۆ بەرکەوتنی ڕاگەیاندن بۆتەرخانکراوە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەی مەعریفی و زمانیی منداڵ دەبێت.



وەک لە وەڵامەکانی پرسیاری (٢)دا دەردەکەوێت، (فیلمی کارتۆنی چیرۆکدار) بەڕێژەی (٣٦.٢٪) بووە بە پێشەنگترین جۆری ناوەرۆک، ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە کارتۆنەکان، چ بە زمانی کوردی بێت، یان زمانی بیانی (ئینگلیزی یان عەرەبی)، کاریگەرییەکی قوڵیان لەسەر فێرکردنی واتا و وشەسازی و ڕستەسازیی بە منداڵان هەیە. (گۆرانی و میوزیکی منداڵان)یش بە ڕێژەی (١٩.٦٪) پلەی دووەمی گرتووە، واتە ئەگەر ناوەرۆکی گۆرانییەکان بە ئامانجێکی پەروەردەیی و زمانییەوە پەخشبکرێت، سوودی زۆر بە گەشەی زمانیی منداڵ دەگەیەنێت. پلەی سێیەمیش بژاردەی (فیدیۆی فێرکاری)یە، کە بەگشتی بۆ فێرکردنی زمان گرنگە. هەرسێ بژاردەی (١، ٢، ٣)، کە ناوەرۆکەکانیان بۆ گەشەی زمانیی منداڵان گرنگن ڕێژەی (٧٣.٦%) پێکدەهێنن.






ئەنجامەکانی پرسیاری (٣) لەڕووی زانستییەوە زۆر گرنگ و مەترسیدارن، تەنها ڕێژەی (٢٨.٩٪)ی منداڵان بینەری ئەو ناوەرۆکانەن، کە "کوردی" زمانی سەرەکییانە. لەبەرانبەردا، ڕێژەی (٣٩.٦٪) بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و لە یەک کاتدا بەرکەوتنیان لەگەڵ سێ زماندا هەیە. ڕێژەی (٢٩.٤٪)یش زمانی سەرەکیی ڕاگەیاندنیان بە ئینگلیزییە. ئەمەش لەڕووی زانستی زمانەوانییەوە پەروەردەییەوە بە گرفت هەژماردەکرێت. چونکە زیاتر لە ٧٠٪ی منداڵان بەشێکی گرنگ، یان تەواوی کاتبەسەربردنی ڕاگەیاندنیان لەگەڵ زمانی کوردیدا نییە، کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری نەرێنیی لەسەر ئێستا و داهاتووی زمانی یەکەم "کوردی" هەیە، ((ڕێکخراوە جیهانییەکان (لەوانەش: UNESCO) جەخت لەوە دەکەنەوە، کە بۆ گەشەی تەندروستی ئاوەزی و پەروەردەیی، پێویستە زمانی دایک وەک سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی لە تەمەنی (٠-٦) ساڵیدا بناغەی گفتوگۆ و فێربوون بێت (UNESCO, 2003, 15).


٢-٢) کاریگەریی ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیا لەسەر گەشەی زمانیی منداڵ

لەم وەچەپارەدا (٣) پرسیار ئاراستەی دایبابان کراوە، سەبارەت بە کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لەسەر گەشەی زمانیی منداڵەکانیان، وەک لە خوارەوە دەیخەینەڕوو:



شیکردنەوەی وەڵامەکانی پرسیاری (٤): کە ئاستی فێربوونی وشەی کوردی لەڕێگەی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵییەوە دەردەخات، ئەنجامێکی دڵخۆشکەر و سوودبەخشە بۆ گەشەی فەرهەنگی وشەیی منداڵان. هەردوو بژاردەی (بەڵێ) و (تا ڕادەیەک) ڕێژەی (٦٧.٢٪)ی وەڵامەکانن، ئەمەش ئەوە پیشاندەدات، کە ڕاگەیاندنە دیجیتاڵییەکان توانیویانە یارمەتی فێربوونی وشەی نوێی کوردی بدەن. تەنها (١٠.٦%)ی منداڵان نەیانتوانیوە هیچ وشەیەکی نوێ لە ڕاگەیاندنەوە فێرببن، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندیی بە جۆرێتی ناوەرۆکەکان و ژینگەی خێزانیی منداڵانەوە هەبێت.


شیکردنەوەی ئەنجامی پرسیاری (٥) وەک تەواوکاریی بۆ مەبەستی پرسیاری (٤) دارێژراوە، کۆی ڕێژەی ئەو منداڵانەی، کە (زۆر)، یان (تا ڕادەیەک) وشە و دەستەواژەی زمانی بیانی بەکاردەهێنن دەگاتە (٥١٪)، ئەمەش زیاتر لە نیوەی منداڵانی سامپڵی توێژینەوەکەیە. ئەمە جگە لەوەی، کە ڕێژەی (٣٨.٧%)ی منداڵان (بە کەمی) وشەی بیانی بەکاردەهێنن، تەنها (١٠.٢%)ی منداڵان تەنها دەربڕاوە کوردییەکان بەکاردەهێنن، ئەمەش کەمترین ڕێژەیە، کە دەبوو بەرزترین ڕێژە تۆماربکرایە، چونکە لەگەڵ سروشت و تەمەنی منداڵیدا (٤-٥ ساڵ) زمانی یەکەم باشترین بژاردەیە. ئەنجامەکە ئەوە دەردەخات، کە تا ڕادەیەکی زۆر "کۆدگۆڕین" (Code-Switching) لە زمانی منداڵاندا ڕووێداوە، ئەمەش مەترسیی هەنوکەیی و داهاتوویی لێدەکەوێتەوە، مەترسییەکە گەورەتر دەبێت، ئەگەر گرفتەکە لە لایەن خێزان و لایەنی پەیوەندیدارەوە کۆنترۆڵ و چاودێرینەکرێت.



شـیکردنەوەی داتاکانی پرسـیاری (٦): ڕەنگە باشـترین ئەنجامی ڕاپرسییەکە بێت بۆ بارودۆخی زمانی کوردی، ڕێژەی (٨٣.٨٪)ی منداڵان لە گێرانەوەی ڕووداوێک، یا بابەتێک، بەڕەوانی زمانی کوردی دەردەبڕن. ئەمەش ئەوە پیشـاندەدات، کە زمان و ڕێزمانی کوردی تا ئێسـتا لەپێشـترین زمانی بیرکردنەوەی منداڵانی ئەم تۆڕینەوەیەیە. ئەمە سـەرەڕای ئەوەی، کە لە منـداڵانی کورد (بژاردەی ٢+٣)، کە دەگاتە (١٦.١%)، زمانی کوردی بە تێکەڵی، یان تەنها زمانی بیانی (عەرەبی، ئینگلیزی) بەکاردەهێنن، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرچاوە و جێی مەترسـییە بۆ زمانی منداڵانی کورد، پێویستە تا زووە ڕێکار و پلانی زانستی و پەروەردەیی و یاسایی بۆ چارەسەرکردنی دابڕێژرێت.


٢-٣) ئـاڵنگـارییە زمـانییەکـان و هۆکـاری لاوازبوونی زمـانی ستاندارد

ئەم وەچەپارە بە (٤) پرسـیاری تایبەت بە (ئاڵنگارییە زمانییەکانی ڕاگەیاندن لەسـەر منداڵ)، پشـتبەسـت بە بۆچوونی دایبابان تاوتوێکراوە.



شـیکردنەوەی پرسـیاری (٧) سـەبارەت بە دیاردەی تێکەڵکردنی زمانی بیانیی بە زمانی دایکی لەلایەن منداڵانەوە:
ئەنجامەکان دەریدەخەن، کە وشـە و چەمکی بیانی (ئینگلیزی یان عەرەبی) جێگەی وشـە ڕەسـەنە کوردییەکان دەگرنەوە، یان دەبنە هاوتایان. ڕێژەی (٥٤٪)ی بەشـداربووان دەڵێن منداڵەکانیان "هەرگیز" تووشی ئەم حاڵەتە نەبوون. ئەمە نیشانەیەکی ئەرێنییە و دەکرێت بەهۆی زاڵبوونی ژینگەی زمانی گفتوگۆی خێزان، یان سنووردارکردنی کاتی شاشەوە بێت. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و مەترسـییە ئەوەیە، کە (٢٨.٥٪) بەشـداربووان ئاماژە بەوە دەکەن، کە "کەم جار" منداڵەکانیان وشـە کوردییەکانیان بیردەچێتەوە. ئەمە قۆناغی ئاگادارکردنەوەیە؛ چونکە ئەوە دەگەیەنێت، کە منداڵەکە لەژێر کاریگەریی ڕاگەیاندنی زمانی بێگانە دایە، بەڵام هێشـتا زمانی یەکەمی بەهێزترە.

مەترسـیی ڕاسـتەقینە ئەوەیە، کە ڕێژەی (١٧.٥٪)ی دایبـابـان کۆی هەردوو وەڵامی (زۆرجـار + تـا ڕادەیەک)یـان هەڵبژاردووە، ئەم گروپەی منداڵان لەڕووی زانستییەوە لە قۆناغی لاوازبوونی فەرهەنگی وشـە (Vocabulary Atrophy) دان لە زمانی دایکیدا (کوردی).
کێشـەی "بیرکەوتنەوە" نەک "نەزانین": پرسـیارەکە دەڵێت "بیرنەکەوێتەوە"، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە وشـەکە لە مێشـکی منداڵەکەدا هەیە (Passive Vocabulary)، بەڵام بەهۆی زۆریی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی، یان عەرەبی لە ڕاگەیاندنەکانەوە، مێشـک ئاسـانتر وشـە بیانییەکە دەهێنێتە پێشـەوە و زووتر بیردەکەوێتەوە. دیاردەی "تێکەڵکردنی کۆد" (Code-Mixing)، یەکێکی تر لە دەرکەوتە نەرێنییەکانی ئەم ئەنجامە، بەو پێیەی (٤٦٪)ـی دایبابان وەڵامەکانیان لە نێوان (کەم جار، تا ڕادەیەک، زۆرجـار) بووە، ئەمەش نیشـانەی ئەوەیە، کە نزیکەی نیوەی منداڵانی سـامپڵی توێژینەوەکە بەرەو بەکارهێنانی زمانێکی تێکەڵاو دەچن. ئەم دیاردەیە ئەگەر بەردەوامی هەبێت، دەبێتە هۆی ئەوەی، کە منـداڵەکە نەتوانێـت بە کوردییەکی ڕەوان گوزارشـت لە هەستەکانی بکات.




شـیکردنەوەی چارتی (٨) گوزارشـت لە " کاریگەریی نەرێنیی ڕاگەیـانـدنی دیجیتـاڵی لەسـەر کەمبوونەوەی کـاتـی خێزانی) دەکەن، کە سەرچاوەی یەکەمی گەشەپێدانی زمانی منداڵە.
ئەگەر کـۆی هەردوو وەڵامـی (بەڵـێ، زۆر + تـا ڕادەیەک) وەربگرین، دەبینین نزیکەی نیوەی خێزانەکان بە ڕێژەی (٤٩.٨٪) هەستیان بەوە کردووە، کە شاشەکان بوونەتە بەربەست لە کاتێکی نێوان منداڵ و ئەندامانی خێزاندا. ئەمە ڕێژەیەکی بەرزە و ئاماژەیە بۆ تێکچوونی هاوسـەنگیی پەیوەندییەکان. تەنها ڕێژەی (٣٤.٩٪)ی دایبابان دەڵێن "هەرگیز" ڕاگەیاندن کاریگەریی لەسـەر پەیوەندیی خێزانییان نەبووە. ئەمە پەیوەندیی بە هۆکـاری ترەوە هەیە، وەک کەمکردنەوەی کاتی شـاشـە، یان بینینی ناوەڕۆکی بەسـوود، کە ڕەنگە ببێتە هۆی بەهێزترکردنی پەیوەندیی خێزانی.
گروپی بژاردەی (کەم)، کە ڕێژەی (١٥.٣٪)ی وەڵامەکـانن، لە ناوچەی سـوور دان، واتە سـەرەتای دەرکەوتنی نیشـانەکانی کەمبوونەوەی گفتوگۆ و پەیوەندیی خێزانییە.
ئەگەر شـیکردنەوەی قوواڵتر بۆ داتـاکـان بکەین، ئەوا درک بە دیاردەی "تەنیایی پێکەوەیی" (Alone Together) دەکەین، ئەم چارتە دەیسـەلمێنێت، کە زۆرێک لە منداڵان هەرچەندە لە ڕووی جەسـتەییەوە لەگەڵ خێزانەکەیـانن، بەڵام لە ڕووی هزرییەوە لە جیهانێکی دیجیتاڵیدان. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی "هەسـتی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12622]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

بەکۆمەڵبوون" لەناو خێزاندا. ڕێژەی (٤٩.٨٪)ـی دایبابان هەستیان بە کەمبوونەوەی گفتوگۆ کردووە، کە بنەمـای فێربوونی زمـانە، بەمەش منداڵەکانیان لە فێربوونی هێما نازمانییەکانی وەک "زمانە جەستەییەکان"، "تۆنی دەنگ" و "هاوسۆزی" دوادەکەون، چونکە ئەم لێهاتوویانە تەنها لە ڕێگەی گفتوگۆی ڕاسـتەوخۆوە فێردەبن، نەک شاشە.

ئەنجـامەکـان پێمـان دەڵێن، کە جیهـانی دیجیتـاڵی خەریکە دەبێتە "هاوبەشـێکی بێدەنگ" لە ژیانی خێزانیدا. خاڵی سـەرنجڕاکێش ئەوەیە، کە کۆی ڕێژەی ئەوانەی بە: (بەڵێ، تـا ڕادەیەک، کەم) وەڵامیانداوەتەوە، دەگاتە (٦٥.١٪).




ئەم داتایانەی پرسـیاری (٩) دەریدەخەن، کە ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی وەک "چەقۆیەکی دوو دەم" وایە؛ دەکرێت ببێتە هۆی لاوازکردنی زمان، یان بەهێزکردنی، ئەمەش بەپێی جۆری ئەو ناوەڕۆکەی، کە منـداڵەکە دەیبینێـت. لایەنی ئەرێنیی داتـاکـان ئەوەیە، کە ڕێژەی (٤٤.٧٪)، واتە نزیکەی نیوەی بەشـداربووان پێیـانوایە، کە ڕاگەیـانـدن نەک هەر زمـانی کوردیی لاواز نەکردووە، بەڵکو باشترشی کردووە. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ئەو منداڵانە بینەری نـاوەڕۆکی بـاشـن بە زمـانی کوردیی، وەک: کـارتۆن، گۆرانی، بەرنـامەی منـداڵان)، ئەمەش لە دەرفەتێکە بۆ دەوڵەمەنـدکردنی فەرهەنگی وشەییان.

کـاریگەرییە نەرێنییەکـانـش ئەوەیە، کە ئەگەر ڕێژەی (٢٥.٥٪) کۆی هەردوو وەڵامی (بەڵێ زۆر ٦.٨٪ + تـا ڕادەیەک ١٨.٧٪) وەربگرین، دەبینین کە یەک لەسـەر چواری منـداڵان تووشـی لاوازیی زمـان بوون. ئەمە ڕەنگە ئەو گروپەی منداڵان بگرێتەوە، کە زیـاتر بینەری نـاوەڕۆکە بیـانییەکـانن. ڕێژەی (٢٩.٨٪)ـی دایبـابـانیش پێیـانوایە کـاریگەرییەکە "کەم"ـە، واتە توانیویـانە هاوسـەنگییەک لە نێوان شـاشـە و فێربوونی زماندا ڕابگرن، یان منداڵەکـانیان لەو گروپەن، کە بینەری نـاوەڕۆکی کوردی و بیـانیین بە تێکەڵی.

لەم ئەنجامەدا جیاوازیی نێوان "ناوەڕۆک" و "ئامرازی ڕاگەیاندن" دەرکەوتووە، بەوەی کێشـەکە لە خودی تەلەفزیۆن و ڕاگەیـاندندا نییە، بەڵکو گرفتەکە لەو زمـانەیە، کە لە ڕاگەیـاندندا بەکـاردێت. دەکرێت ئەو ڕێژە بەرزەی (٤٤.٧٪)، کە ئاسـتی زمانی کوردییان باشـتر بووە، سـوودیان لە ڕاگەیاندنی پەروەردەیی بینیبێت، ئەو گروپەشـی، کە ئاسـتی زمـانی کوردییان لاواز بووە، قوربـانیی ڕاگەیاندنی بێگانە بن.

ئەو گروپەی دیبـابـان، کە وەڵامی ئەرێنییـان داوەتەوە، دیـارە بە وریـاییەوە ئەو کەنـاڵ و بەرنـامانەیان بۆ منـداڵەکـانیـان هەڵبژاردووە، کە بە زمانی کوردیی پاراون.



شیکردنەوەی پرسیاری (١٠): تێشکدەخاتەسەر یەکێک لە قوڵترین و ئاڵۆزترین قۆناغەکانی ململانێ و کاریگەریی زمانەکان لەسـەر یەکتر.

ئاراسـتەی ئەم پرسـیارە لە (وەرگرتنی وشـەی بیانی) تێپەڕیوە و چووەتە سـەر "دارشـتنی ڕستە". کاتێک منداڵ یاسـای ڕێزمانیی زمانێکی تر (وەک ئینگلیزی) لە ئاخاوتنی کوردیدا بەکاردەهێنێت، کۆتـا قۆنـاغی ململانێی زمـانییە، کە قۆنـاغێکی هەسـتیـار و مەترسیدارە.

بەپێی ئەنجامەکان، ڕێژەی (٤٣.٨٪)ـی منداڵان هێشتا بە ڕێزمانی دروسـتی کوردی قسـەدەکەن. ئەمە ئەوە دەسـەلمێنێت، کە زمانی یەکەمیان تا ڕادەیەکی زۆر لە دەستێوەردانی زمانی بیانی پارێزراو و جێگیرە و مەترسیی شێواندنی ڕێزمانیی لەسەر نییە. بەڵام ئەوەی جێی مەترسییە ئەوەیە، کە ڕێژەی (٢٧.٣٪) کۆی هەردوو وەڵامی (بەڵێ زۆر ٦.٤٪ + تـا ڕادەیەک ٢٠.٩٪)، کە نزیکەی (سـێ یەک)ـی منداڵان دەکات، تووشی "شێواندنی ڕێزمانی" بوون. ئەمە قۆناغێکی باڵایە لە کاریگەریی نەرێنیی ڕاگەیاندن؛ واتە منداڵەکە تەنها وشـەی بێگانە بەکـارنـاهێنێت، بەڵکو بە کوردی بەڵام بە "ڕێزمانی ئینگلیزی یان عەرەبی" ڕستە دادەڕێژێت.


ڕێژەی (٢٨.٩٪)ـی منداڵانیش کـاریگەریی سـەرەتـایی ئەو مەترسـییەیان لێ دەرکەوتووە، ئەمەش زەنگێکی ئاگادارکردنەوەیە بۆ ئەوەی ئەم تێکەڵبوونەی یاسا ڕێزمانییەکان نەبێتە دیاردە.


ڕێژەی (٦.٤٪) ـی منداڵان، کە "زۆر" تووشی ئەم دۆخە بوون، بە ئەگەری زۆرەوە ئەو منـداڵانەن، کە زۆربەی کاتەکـانیان تەنها بە زمانی بیانی دەبیسـتن و دەدوێن، ئەمەش وای کردووە "سـیسـتەمی ڕێزمانی" ئەو زمانە وەک سیستەمی بنەڕەتی لێکبدەنەوە.

ئەگەر سـەیری کۆی گشـتی بکەین، دەبینین ٥٦.٢٪ (کۆی هەموو وەڵامەکان جگە لە "نەخێر") بە پلەی جیاواز تووشـی ئەم گرفتە بوون.

٢-٤) ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەی زمانیی منداڵدا

لەم وەچەپارەدا (٢) پرسیارمان بۆ زانینی (ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەی زمانیی منداڵدا) داڕشتووە.





شیکردنەوەی چارتی (١١): کە تایبەتە بە ئاستی هۆشیاریی دایباب لە ڕێکخستنی کاتی شاشەدا:

ئەم داتایانە پیشاندەدەن، کە تا چەند دایبابان وەک " ڕێکخەر" لە ژیانی دیجیتاڵی منداڵەکانیاندا ڕۆڵدەگێڕن. ڕێژەی (٣٦.٢٪) دایبابان هۆشیارییەکی بەرز و پابەندبوونێکی تەواویان هەیە سەبارەت بە کاتی شاشەی منداڵەکانیان. ئەمە نیشانەی بوونی بەرنامەیەکی پەروەردەیی ڕوونە لەناو ئەو خێزانانەدا.

گەورەترین ڕێژەی ناو چارتەکە بریتییە لە (٣٧.٩٪)، دە دەڵێن: (تا ڕادەیەک پابەند دەبین)، واتە هەوڵی هاوسەنگیڕاگرتن دەدەن. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە زۆرینەی دایبابان خواستی کۆنترۆڵکردنیان هەیە ، بەڵام لە جێبەجێکردندا تووشی ئاستەنگ دەبن، یان هەندێک جار نەرمی دەنوێنن.

ڕێژەی (٧٤.١٪)، کە کۆی وەڵامی بژاردەکانی (بەڵێ + تا ڕادەیەک) دەگرێتەوە، ئاماژەیەکی زۆر ئەرێنییە. ئەمە دەریدەخات، کە دایبابانی کورد گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی، کە ئازادکردنی کاتی منداڵ لەبەردەم ڕاگەیاندن و شاشەکاندا مەترسیدارە.

ڕێژەی (٢٥.٩٪)ی دایبابان لاوازن لە کۆنترۆڵکردنی کاتدا، کۆی هەردوو وەڵامی (کەم جار ١٥.٣٪ + نەخێر ١٠.٦٪) نیشانی دەدات، کە نزیکەی چوار یەکی خێزانەکانە، هیچ پابەندبوونێکی کاتییان نییە بۆ منداڵەکانیان، ئەمەش ئەو گروپەی منداڵانە، کە زۆرترین مەترسیی "ئاڵودەبوونی دیجیتاڵی" و "لاوازیی گەشەی زمانی"یان لەسەرە.

ئەو ڕێژە بەرزەی "تا ڕادەیەک پابەند دەبین" (٣٧.٩٪)، ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە ژینگەی دەرەوە یان سەرقاڵیی دایبابان ڕێگرە لە سەرکەوتنی ڕەهای سیستەمەکە. زۆرجار شاشە وەک "بێدەنگکەری منداڵ" بەکاردێت کاتێک دایباب سەرقاڵن.

ئەگەر ئەم ئەنجامە بە چارتەکانی پێشوو (کە باسی لاوازیی زمان یان کەمبوونەوەی گفتوگۆیان دەکرد) بەراوردبکەین، دەبینین ئەو ڕێژەیەی (٢٥.٩٪)، کە کاتیان دیارینەکردووە بۆ منداڵەکانیان، بە ئەگەری زۆرەوە هەمان ئەو گروپەن، کە منداڵەکانیان زۆرترین کاریگەریی نەرێنییان لەسەر دەرکەوتووە.

ئەم چارتە دەیسەلمێنێت، کە زۆرینەی دایبابان (٧٤.١٪) درکیان بە مەترسییەکە کردووە و هەوڵی سنووردارکردنی دەدەن. بەڵام سەرکەوتنی پڕۆسەی پەروەردە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا تەنها بە "دانانی یاسا-هۆشیاری" نابێت، بەڵکو بە "پابەندبوون بە یاساکان" دەبێت.

شیکردنەوەی چارتی (١٢)، کە تایبەتە بە ڕۆڵی گفتوگۆی خێزانی لە خزمەتی زمانی کوردیدا

داتاکان ئەوە دەردەخەن، کە تا چەند دایبابان هەوڵدەدەن ئەو زانیارییانەی منداڵ بە زمانی بیانی وەریدەگرێت، بیگەڕێننەوە بۆ ناو ژینگەی زمانی کوردی.

نزیکەی نیوەی بەشداربووان، بە ڕێژەی (٤٦٪) دەڵێن (زۆرجار) گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن لەبارەی ناوەرۆکە بیانییەکانەوە. ئەمە بەرزترین و باشترین ئەنجامە، کە ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی ئەرێنیی دایبابان، کە ڕێگە نادەن منداڵەکەیان بەتەنها لەناو جیهانی زمانە بیانییەکەدا بمێنێتەوە. هەروەها ڕێژەی (١٧.٤٪)ی دایبابان (تا ڕادەیەک): هەندێک جار دەرفەتی گفتوگۆیان بۆ دەڕەخسێت و هەندێک جار "نا".

ئەگەر کۆی هەردوو وەڵامی (کەم جار ٢٢.١٪ + نەخێر ١٤.٥٪) وەربگرین، ئەوا دەتوانین بڵێین ڕێژەی (٣٦.٦٪)ی دایبابان (واتە زیاتر لە سێ یەکی خێزانەکان) لەو ڕووەوە لاواز، یان کەمتەرخەمن. ئەمە هەمان ئەو گروپەی منداڵانە، کە لە چارتەکانی پێشوودا ئاماژەی پێکرا (وشەی کوردییان بیردەچێتەوە، یان یاسا ڕێزمانییەکانیان تێکەڵ دەبێت).

کێشەکە تەنها "سەیرکردنی ڤیدیۆی بیانی" نییە، بەڵکو کێشەکە "سەیرکردنی بێدەنگ و بێ گفتوگۆیە". داتاکان دەیسەلمێنن، کە هەرچەندە زۆرینەی دایبابان (٤٦٪) هەوڵی پاراستنی زمان دەدەن لە ڕێگەی گفتوگۆوە، بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی بەرچاو (٣٦.٦٪) هەن، کە منداڵەکانیان لەبەردەم شاشەدا بە تەنها بەجێدەهێڵن. ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەو "شێواندنە زمانی و ڕێزمانییەی" لە چارتەکانی پێشتردا خرانەڕوو.

٢-٥) کەنالّە کوردییەکانی تایبەت بە منداڵان:

ئەم وەچەپارەش (٢) پرسیارە و تایبەتە بە وەرگرتنی زانیاریی لەسەر ڕێژەی بینراوی (view)ی کەنالّە کوردییەکان و ڕادەی سوودگەیاندنیان بە گەشەی زمانیی منداڵی کورد.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12622]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]


١٣. ئایا منداڵەکەت **زیاتر** سەیری چ کەناڵێکی (راگەیاندن، یوتیوب، ...)ی کوردی دەکات؟ (تەنها ناوی کەناڵەکە بنووسە). بۆ نموونە (ئافەرین، کوردماکس پەپوولە، ئێن ئار تی٣، پەلیستانک (Pelistank)، زارۆک تیڤی، ئامۆژگاری کیدز، Hama Kids، کوردستان کیدز، وار کیدز، ...).

شیکردنەوەی پرسیاری (١٣): تایبەتە بە ڕێژەی بینراوی (view)ی کەناڵە کوردییەکان.
پرسیاری ڕاپرسییەکە چارتی تێدا نییە، چونکە بە شێوەی (کورتەوەڵام) دانرابوو، بۆ زانینی پربینەرترین کەناڵی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لای منداڵانی کورد.
لەبەرئەوەی ئەم پرسیارە بە شێوەی "کراوە" یە (نەک هەڵبژاردن)، بەشداربوو ناوی کەناڵی دڵخوازی منداڵەکەی دەنووسێت، بۆیە ژمارەی وەڵامەکان ئاسان نەبوو، چونکە جیاوازییەکی زۆر لە شێوازی ڕێنووس و ئەلفوبێ و فۆنتی نووسینەکاندا بەدیدەکرا، بە وێنە (کەناڵی ئافەرین) بە چەندین شێوە نووسرابوو: (ئافەرین، ئافە رین، ئافەرین، ئافرین)، (Afarin, afarin, Afaren, afaren, Afarin tv).
پاش هەژماردنی سەرجەم وەڵامی بەشداربووان، گەیشتین بەو ئەنجامانەی، کە لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

ناوی کەناڵ	ژمارەی بینەر	ڕێژەی سەدی
کەناڵی ئافەرین	**171**	**٪69.2**
هەموویان، بەبێ ناوهێنانی هیچ کەناڵێک	**28**	**٪11.3**
پەلیستانک	**5**	**٪2.0**
ئێن ئار تی٣	**4**	**٪1.6**
Hama Kids	**4**	**٪1.6**
کوردماکس پەپوولە	**4**	**٪1.6**
کەناڵەکانی تر، کە (١-٢) بینەریان هەیە	**19**	**٪7.7**
بینەری هیچکەناڵێک نیم	**12**	**٪4.9**
کۆی گشتی	**247**	**٪100**

وەک ئەنجامەکان دەریدەخەن، کەناڵی (ئافەرین) بە ڕێژەیەکی بەرز (٦٩.٢٪) پێشەنگی پربینەرترین کەناڵە کوردییەکانی تایبەت بە منداڵانە، هەڵبژاردووەتە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە کەناڵەکە لەڕووی ناوەڕۆک و گەشەپێدانی زمانی دایکەوە بەهێزترین جۆرێتیی هەیە و ناسراوترینە. ئەنجامی داتاکانی وەڵامی پرسیاری (١٤)دا ئەم ئەنجامە دووپاتدەکاتەوە و ڕوونیدەبێتەوەکە: (زۆرینەی دایبابان بە ڕێژەی (٧٩.٦٪) لەو بڕوایەدان، کە کەناڵە کوردییەکانی تایبەت بە منداڵان سوودیان بە زمانی کوردیی منداڵەکانیان گەیاندووە).

ڕێژەی (١١.٣٪)ی منداڵانی کورد هیچ کەناڵێکی دیاریکراویان نییە و بە شێوەیەکی هەرەمەکی و بێ ناوهێنان وەڵامیانداوەتەوە، واتە بەشێکی خێزانەکان هیچ کەناڵێکی کوردیی تایبەت بە منداڵەکانیان نییە، بەبێ ئامانج و بۆ بێدەنگکردنیان ئەو کارە ئەنجامدەدەن، لە وەڵامەکاندا بە چەند شێوەیەکی وەک: (نازانم، یوتیوب، هەر کەناڵێک، هەمووی، ...) گوزارشتیان لەوە کردووە.
کەناڵەکانی تری وەک (پەلیستانک، ئێن ئار تی٣، کوردماکس پەپوولە، ...) ژمارەی بینەرەکانیان لەنێوان (١-٥) بینەرە و هەموویان پێکەوە (٣٦) بینەریان هەبوو.
ڕێژەی (٤.٩٪)ـی بەشداربووانیش دەڵێن: منداڵەکانیان بینەری هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندنی کوردی نین. ڕەنگە (یاریکردن لە دەرەوە، یاریی ئیلیکترۆنی، ...) جێگەی ڕاگەیاندنیان گرتبێتەوە، کە دەگرێت سوودبەخش، یان زیانبەخش بن.
پێویستە ئەوەش ڕوونبکەینەوە، کە ژمارەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە (٢٣٥) بەشداربوون، بەڵام لەبەرئەوەی بەشێکیان زیاتر لە یەک وەڵامیان نووسیوە، بۆیە ژمارەی وەڵامەکان بووە بە (٢٤٧).



شیکردنەوەی چارتی (١٤): ڕۆڵی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی لە پاراستن و گەشەپێدانی زماندا:
ئەم چارتە ئەنجامێکی زۆر ئەرێنی و دڵخۆشکەر پیشاندەدات و دەیسەلمێنێت، کە چارەسەری کێشە زمانییەکان لە خودی ڕاگەیاندنداییە، ئەگەر بەدروستی بەکاربهێنرێت. ئەگەر کۆی هەردوو وەڵامی (بەڵێ زۆر ٤٠.٩٪ + تا ڕادەیەک ٣٨.٧٪) وەربگرین، ئەوا زۆرینەی دایبابان بە ڕێژەی (٧٩.٦٪) لەو بڕوایەدان، کە کەناڵە کوردییەکانی تایبەت بە منداڵان سوودیان بە زمانی کوردیی منداڵەکانیان گەیاندووە. لەپاڵ ئەوەدا تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم (٨.٥٪) پێیانوایە ئەم کەناڵانە هیچ سوودێکیان نەبووە. ئەمە ئەوە دەردەخات، کە "ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنی کوردی" لە ڕکابەریکردنی ناوەڕۆکی بێگانەدا سەرکەوتووبووە.
ئەم داتایە دەیسەلمێنێت کە منداڵ توانا و ئارەزووی فێربوونی هەیە، کاتێک ناوەڕۆکەکە بە زمانێکی پاراو و لەگەڵ کەلتووری خۆیدا گونجاو بێت، نەک هەر فێریدەبێت، بەڵکو زمانەکەی دەوڵەمەندیش دەکات.

دەرئەنجامە گشتییەکان

بەپێی کۆی داتاکان، ئەم خاڵانەی خوارەوە وەک دەرئەنجامی سەرەکی دەخەینەڕوو:

1. گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە ئامرازە دیجیتاڵییەکان بەخۆیان زیان ناگەیەنن. ئەنجامەکانی پرسیاری (٩) ئاشکرایدەکات، کە (٤٤.٧٪)ی دایبابان لەو باوەڕەدان،

کە ڕاگەیاندنی کوردی گەشەی زمانی کوردیی باشتر کردووە. هەروەها ئەنجامەکانی (١٤) ئەوە پیشاندەدەن، کە (٧٩.٦٪)ی کەناڵە کوردییەکان سوودبەخشن. بۆیە زۆر پێویستە گۆڕانکاری لە جۆری ناوەڕۆک بکرێت، نەک ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا.

2. بەرکەوتنی زۆری شاشە: زۆرینەی منداڵان (نزیکەی ٧٨.٧٪) ڕۆژانە لە نێوان (١-)٥ کاتژمێر و زیاتر لەبەردەم شاشەکاندان، ئەمەش زیانبەخشە. ناوەڕۆکی فیلمکارتۆن بە ڕێژەی ٣٦.٢٪ لە سەرووی لیستی ئەو ناوەڕۆکانەیە، کە منداڵان دەیبینن.
3. باڵادەستیی زمانی بیانی: زمانی ئینگلیزی و تێکەڵاو (ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی) پێکهاتە نزیکەی (٦٩٪)ی ئەو زمانانە پێکدەهێنن، کە منداڵان لە ڕاگەیاندنەکاندا گوێیان لێ دەبێت، لەکاتێکدا زمانی کوردی تەنها (٢٨.٩٪)ـە.
4. تەکنەلۆژیا بە خۆی مەترسی نییە، ناوەڕۆک مەترسییە
5. ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن: ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنی بیانی مەترسی لەسەر "وشەسازی" و "ڕێزمانی کوردی" دروستکردووە (بڕوانە ئەنجامی چارتی ٧ و ١٠)، بەڵام ناوەڕۆکی کوردی وەک هۆکارێکی بەهێز بۆ گەشەی زمانیی منداڵ دەرکەوتووە (وەک لە چارتی ١٤ دەرکەوتووە).
6. کاریگەریی ئەرێنی لەسەر فەرهەنگی وشە: سەرەڕای هەژموونی زمانی بیانی، ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی بووەتە سەرچاوەی فێربوونی وشەی نوێی کوردی بۆ (٦٧.٢٪)ـی منداڵان، هەروەها (٤٤.٧٪)ـی دایبابان پێیانوایە ئاستی زمانی کوردیی منداڵەکانیان بەهۆی ڕاگەیاندنەوە باشتر بووە.
7. دەرکەوتنی نیشانەکانی "کۆدتێکەڵکردن": نزیکەی نیوەی منداڵان (٥١٪) لە قسەکردنی ڕۆژانەیاندا وشە و دەستەواژەی بیانی بەکاردەهێنن. هەروەها (١٧.٥٪)ـی منداڵان تووشی بارودۆخێک دەبن، کە وشەی کوردییان بیردەچێتەوە و پەنا بۆ هاوتا بیانییەکەی دەبەن.
8. هەرشە لەسەر ڕێزمان و پەیوەندییە خێزانییەکان: نزیکەی (٢٧.٣٪)ـی منداڵان یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی بیانی تێکەڵی ڕستە کوردییەکانیان دەکەن. لە لایەکی تریشەوە، نزیکەی نیوەی خێزانەکان (٤٩.٨٪) هەست دەکەن گفتوگۆی ناوماڵ بەهۆی شاشەکانەوە کەمبووەتەوە.
9. هۆشیاری و کۆنترۆڵ: ڕێژەی (٧٤.١٪)ـی خێزانەکان هەوڵی پابەندبوون و دیاریکردنی کاتی شاشە دەدەن. هەروەها (٦٣.٤٪)ی دایبابان کاتێک منداڵەکەیان سەیری ڤیدیۆی بیانی دەکات، بە کوردی گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن بۆ پاراستن گەشەپێدانی زمانەکەی.
10. ڕۆڵی کاریگەری کەناڵە کوردییەکان: ڕێژەیەکی زۆر بەرزی دایبابان (٧٩.٦٪) جەخت لەوە دەکەنەوە، کە کەناڵە کوردییەکانی تایبەت بە منداڵان سوودی زۆریان بە گەشەی زمانیی منداڵەکانیان گەیاندووە.

ڕاسپاردەکان

بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانی دایک و کەمکردنەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی لەسەر منداڵان، ئەم ڕاسپاردانە پێشنیازدەکرێن:

1. پێویستە یاسای توند بۆ کات وشوێنی بەکارهێنانی ئامێرەکان دابنرێت. هەندێک کات (وەک کاتی نانخواردن) و هەندێک شوێن (وەک ژووری نوستن) بە تەواوی لە شاشە پاکبکرێنەوە.
2. گفتوگۆی هاوبەش (Co-viewing): باشترین ڕێگە بۆ ڕێگریکردن لە تێکەڵبوونی ڕێزمان و وشە لای منداڵ ئەوەیە، کە دایبابان لەگەڵ منداڵەکانیان سەیری ڤیدیۆکان بکەن و دواتر بە کوردییەکی ڕەوان گفتوگۆی لەسەر بکەن.
3. پەرەپێدانی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی -کوردی: ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە پەیامێکە بۆ لایەنی میری و سەرجەم دامەزراوەکانی بواری ڕاگەیاندن، کە بەرنامەی منداڵان بە زمانی کوردی و بە ناوەڕۆکێکی بەرز و ئامانجدار بەرهەمبهێنن، ئەمە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر پێشخستن و پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و زمانیی نەوەی نوێمان هەیە، هاوکات دەتوانرێت ڕکابەریی ڕاگەیاندنی ناوەڕۆکە بیانییەکان بکرێت.
4. هاندانی ناوەڕۆکی کوردی: پێویستە خێزانەکان کاتی بینینی ناوەڕۆکی بیانی کەم بکەنەوە و جێگەی بکەنەوە بە ناوەڕۆکی کوردیی دەوڵەمەند، چونکە داتاکان دەریانخستووە کەناڵە کوردییەکان کاریگەریی ئەرێنییان زۆرە.

لیستی سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان:

احمد، محمد حسین (٢٠٢٣). بەشداریی نەخشەی زمانیی تاك لە ڕێککەوتنی زمانییدا بەشداریە زمانییە ئەلیکترۆنییەکان بە نموونە. تێزی دکتورا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

باتنی، محمد ڕەزا (2015). دەربارەی زمان. و: کەریم، ئاکۆ عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی.

ڕەشید، دەشتی عەلی و عەبدوڵا، ئاریا یاسین (٢٠٢٢). ڕۆڵی یوتیوب لە فێربوون و گەشەی زمانی دووەم لای منداڵ، گۆڤاری توێژەر، بەرگی (٥)، ژمارە (٣).

عەبدوڵا، ئاریا یاسین و محەمەد، یادگار عەلی (٢٠٢٢). کاریگەریی فیلم-کارتۆن لەسەر گەشەی زمان لای منداڵ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٩(١).

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12622]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

سەرچاوە بیانییەکان:

American Academy of Pediatrics (2016) ‘Media and Young Minds’, *Pediatrics*, 138(5), p. e20162591. doi: 10.1542/peds.2016-2591.

UNESCO (2003) *Education in a Multilingual World*. Paris: UNESCO Education Position Paper.

Adeyemi, V. (2025). 'The Impact of Digital Technology on a Child's Cognitive and Social Development: Implications for Education'. *Premier Journal of Psychology*, pp. 1-7.

Alam, M.J., Ashikullah, M. and Rahman, M.M. (2018). 'THE ROLE OF THE FAMILY IN ENGLISH LANGUAGE LEARNING'. *International Journal of English Language Teaching*, 6(2), pp. 36-46.

Ambrose, S.E., VanDam, M. and Moeller, M.P. (2014). 'Linguistic Input, Electronic Media, and Communication Outcomes of Toddlers with Hearing Loss'. *Ear and Hearing*, 35(2), pp. 139-147.

Ananda, A.Z., Marsofiyati and Utari, E.D. (2025). 'Digital Exposure and Its Impact on Early Childhood Language Development: A Study on the Role of Family Communication in the Digital Era'. *ICONBIT 2025*. Jakarta: State University of Jakarta.

Bickham, D.S., Cingel, D.P., Nathanson, A.I., Rose, C.A., Johnson, C.R. and Scharrer, E. (2025). ‘Parenting and Screens During Middle Childhood’, in Christakis, D.A. and Hale, L. (eds.) *Handbook of Children and Screens: Digital Media, Development, and Well-Being from Birth Through Adolescence*. Cham: Springer, pp. 395–402.

Charmaraman, L., Nesi, J., Schueller, S.M., Choukas-Bradley, S., Hernandez, J.M. and Davis, K. (2025). ‘Youth Digital Wellbeing and Social Connectedness’, in Christakis, D.A. and Hale, L. (eds.) *Handbook of Children and Screens: Digital Media, Development, and Well-Being from Birth Through Adolescence*. Cham: Springer, pp. 223–230.

Christakis, D.A. and Hale, L. (eds.) (2025). Handbook of Children and Screens: Digital Media, Development, and Well-Being from Birth Through Adolescence. Cham: Springer, pp. 1-4.

Clark, E. V. (2016). *First language acquisition*. 3rd ed. Cambridge: Cambridge University Press.

Dore, R.A. et al. (2025). ‘Digital Media Use and Language Development in Early Childhood’, in Christakis, D.A. and Hale, L. (eds.) Handbook of Children and Screens. Cham: Springer, 31–37.

Hojabrzare, N. (2018). 'First Language Acquisition, 3rd Edition. Eve V. Clark Cambridge University Press, 2016. 575 pp.'. *Applied Linguistics Research Journal*, 2(3), pp. 67-69.

Hirsh-Pasek, K., Zosh, J.M., Hassinger-Das, B., Golinkoff, R.M., Uhls, Y.T. and Guernsey, L., 2025. Putting Digital Media in Balance: The Importance of Human-to-Human Interaction for Young Children. In: D.A. Christakis and L. Hale, eds., Handbook of Children and Screens. pp. 387-393.

McDaniel, B.T., Radesky, J.S., Coyne, S.M. and Wolfers, L.N. (2025). ‘Technoference in Parenting and Impacts on Parent–Child Relationships and Child Development’, in Christakis, D.A. and Hale, L. (eds.) *Handbook of Children and Screens: Digital Media, Development, and Well-Being from Birth Through Adolescence*. Cham: Springer, pp. 411–422.

Patel, R., McQueen, E. and Gold, C. (2025). 'Balancing Digital Media Exposure: Enhancing Language and Social Development in Early Childhood'. *Pediatrics In Review*, 46(5), pp. 245-257.

Rämä-Ory, P. (2022). 'Language acquisition in early years of childhood: the role of family and pre-primary education'. *Thematic Report commissioned for the World Conference on Early Childhood Care and Education*. Paris: UNESCO, pp. 1-12.

Silva Junior, D.C., Castro, Y.M., Silva, M.P., Dutra, R.P. and Caumo, D.P. (2025). 'Impact of the Use of Interactive Screens on Language Development in Children up to 6 Years of Age: A Systematic Review'. *Child: Care, Health and Development*, pp. 1-19.

Veronica, N. and Gupita, N. (2020). 'Electronic media and language development of early childhood'. *Journal of Physics: Conference Series*, 1469(1), pp. 1-6.

ملخص:

تُعدّ المرحلة العمرية (٤-٥) سنوات من أكثر مراحل اكتساب اللغة وتطورها حساسيةً، إذ ينتقل فيها الطفل من مرحلة التوليد المعجمي إلى مرحلة اكتساب القواعد النحوية المعقدة وإعادة تنظيمها. تسعى هذه الدراسة إلى تسليط الضوء على دور الإعلام الرقمي بوصفه مصدراً حديثاً لـ"المدخلات اللغوية"، الذي بات يُنافس البيئة الأسرية والاجتماعية التقليدية تأثيراً ومكانةً.

تتمحور إشكالية الدراسة حول الصعوبات اللغوية التي يواجهها الطفل الكردي جراء تعرضه للإعلام الكردي والأجنبي (العربي والإنجليزي)، وما يترتب على ذلك من تأثير مباشر في مسار تطور لغته الأم. وتعتمد الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، من خلال توزيع استبانة على عينة من الآباء والأمهات.

تُشير النتائج المتوقعة إلى أن الإعلام الرقمي، وإن كان يُسهم في إثراء الرصيد المعجمي للطفل، فإنه في الوقت ذاته قد يُفضي إلى ظاهرة ضعف القدرة التعبيرية باللغة الأم. وفي الختام، تُقدَّم جملة من التوصيات العملية الموجهة للوالدين والمؤسسات الإعلامية، بهدف صون مسيرة النمو اللغوي لدى الأطفال وتنظيم تعرضهم للشاشات.

الكلمات المفتاحية : النمو اللغوي عند الطفل، اكتساب اللغة الأولى، الاضطرابات اللغوية، الإعلام الرقمي، اللغة الأم.

Abstract

The age range of four to five years is widely regarded as one of the most critical and sensitive periods in language acquisition and development, during which children transition from the lexical generation stage to the acquisition and internalization of complex grammatical structures. This study aims to illuminate the role of digital media as an emerging source of "linguistic input" that increasingly competes with, and in many contexts supplants, the traditional familial and social language environment.

The central problem addressed by this study concerns the linguistic challenges encountered by Kurdish-speaking children as a result of sustained exposure to both Kurdish and foreign-language media (Arabic and English), and the direct implications of such exposure for the development of the mother tongue. The study employs a descriptive-analytical methodology, utilizing a structured questionnaire administered to a sample of parents.

Keywords: children's language development, first language acquisition, language disorders, digital media, mother tongue.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12622]
- **Submission Date:** [01/08/2026], **Revised Date:** [01/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]